قوباد تالەبانی: کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بە گفتوگۆ بە دەستور چارەسەر دەکرێن



قوباد تالەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرکایەتی وەفدێکی باڵای یەکێتی سەردانی بەغدادی کرد و لە یەکەم وەستگەی سەردانەکەیدا لەگەڵ فایق زێدان، سەرۆکی ئینجومەنی باڵای دادوەریی عیراق کۆبووەوە.

نوسینگەی ڕۆژنامەوانی قوباد تالەبانی لەگەڵ ئەندراوەکدا کەدستی موتەبع کوتووە باویکردووە،لە کۆبوونەوەکەدا کە سەرلەئێوارەی ئەمڕۆچوو، باس لە هەڵبژاردنەکانی ئینجومەنی نوێنەرانی عیراق کرا و هەردوولا هاوڕابوون، بەڕۆچوونی سەرکەوتووانەی هەڵبژاردن دەستکەوتێکی گرنگی دیموکراسییە بۆ هەموو گەلی عیراق و هیوایان خواست بەپێی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن حکومەتێک پێکبهێنرێت کە لە ئاستی چاوەڕوانی و ڕێزامەندیی هەموو پێکهاتەکانی عێراقدا بێت.

قوباد تالەبانی ئاماژەی بۆدا، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێیوایە بەشێکی گرنگی کێشەکانی عیراق و لێناویشیاندا کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد بە گفتوگۆ بە دەستور چارەسەر دەکرێن، هەربۆیە یەکێتی، پابەندبوون بە دەستور و جێبەجێکردنی هەموو مادەکانی دەستور بە تەنها ڕێگەچارە بۆ

چارەسەرکردنی کێشەکان و هەنگاونان بەرەو عیراقێکی سەقامگیرتر و گەشەسەندوو دەزانێت.

سەرکی وەفدی یەکێتی لە بەشکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا جەختی کردەوە، یەکێتی پەداگرە لەسەر ئەوەی ئەولەویەتی یەکەمی هەردوو حکومەتی داهاتووی هەرێم و بەغداد دەبێت چارەسەرکردنی کێشکانی نەوانیان بێت، بە تایبەتیش کێشەی بودجە و نابێت بە هیچ شێوەیەک چیتر بودجە وەک مافێکی دەستوری خەڵکی کوردستان بخرێتە چوارچێوەی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانەوە.